


## نەوزاد شێخانی:

# پێویستە سوود لە سینەمای مەغریبی وەربگرین، چونکە خاڵی هاوبەشمان زۆرە



**نەوزاد شێخانی دەرهێنەرێکی لاوی کوردستانە و نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە، ئێستا خەریکی چەندین کاری هونەری جیایە لەوانە وێنەگرتنی هەردوو سیمفۆنیا (پێشمەرگە و شنگال) کە بەم دواییە لە کوردستان نمایش کران، هەروەها وەك سەرۆکی لیژنەی دادوەرانی فیستیڤاڵی (بصمات لسینما الابداع) لە وڵاتی مەغریب هەڵبژێردراوە و شارەزاییەکی زۆری دەربارەی سینەمای مەغریبی هەیە، بۆ باس کردنی چەند پرسێکی سینەمایی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**

***چۆن ئێوە وەك سەرۆکی لیژنەی دادوەرانی میهرەجانی بەسەمات لە وڵاتی مەغریب هەڵبژێردران؟**

- هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان لە فیستیڤاڵێکی جیهانی دەوەستێتە سەر چەند سیفاتێکی دیاریکراو کە پێویستە لە کەسایەتی کەسە هەڵبژێردراوەکەدا هەبن، لەوانە توانست و رۆشنبیری سینەمایی، ناوبانگ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی لیژنەی دادوەران لە هەڵسەنگاندنی فیلمەکان و چەند تایبەتمەندییەکی دیکە، پێموایە بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵی (بصمات لسینما الابداع) کەسایەتییەکی گونجاویان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئەم ساڵ سەرۆکایەتیی لیژنەکە بکات و زۆر سوپاسی هەموو ئەندامانی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە دەکەم بۆ ئەو رێز و متمانە و پێگەی کە بە منیان بەخشی.

***هەست دەکەین لە سینەمای مەغریبی نزیکی و گرنگی زۆری پێ دەدەی، بۆچی؟**

- مەغریب وڵاتێکی کراوەیە بەسەر جیهاندا، سەقامگیریی وڵاتەکە و حیکمەتی پاشا و حکومەت و وشیاریی گەلی مەغریبی ئاشتیخواز و توانای بۆ کارلێك کردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ هەموو کۆمەڵگاکانی دیکە وایکردووە کە مەغریب یەکێك بێت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ناوچەکە لە هێنانەدیی سەقامگیری و پەرەپێدانی جۆری لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا، ئەمەش وایکرد کە سەرنجی کۆمپانیا جیهانییە گەورەکان رابکێشێت لەوانەش کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانی سینەمایی لە هۆلیوۆد، ئێستا لە شاری وەرزازات چەندین ستۆدیۆی گەورەی سینەمایی هەیە بۆ وێنەگرتن وەك (ئەتلەس) و (کلا) و ئێستا پرۆژەیەك لە ئارادایە بە ناوی (وەن ستۆپ شۆپ) بۆ ئەوەی ئەم شارە بکرێتە رووگەیەکی سینەمایی گەورەی هاوشێوەی ئەوانەی لە هۆلیوۆد هەن وەك (یونیڤەرساڵ و وارنەر)، چونکە چەندین فیلمی جیهانی لەم شارە وێنەگیراون وەك( گلادیۆتەر، لۆرەنسی عەرەب، ئەسکەندەری گەورە، شانشینی بەهەشت)، هەروەها چەندین ئەستێرەی سینەمایی روویان لەم شارە کردووە وەك (ئالفرید هیتشۆك، شین کۆنری، سیرجیۆ لیونی، ئەنتۆنی کوین، بیرتیلۆتشی، جۆن هۆستن، ئیزابیل ئەدجانی، ئەنجلینا جۆلی، براد پیت، مۆنیکا پیلۆتشی و لیۆناردۆ دیکاپریۆ) و چەندانی دیکە.

***سینەماکارە مەغریبییەکان تا چەند زانیارییان دەربارەی کورد و کوردستان و سینەمای کوردی هەیە؟**

- لە بواری سینەما مەغریبییەکان گرنگی بە کەلتوورە سینەماییەکان دەدەن، بەتایبەتی ئەگەر تایبەتمەندێتی و شارستانییەتی گەلێك نیشان بدات کە جیاواز بێت لەگەڵ گەلانی دیکە لەوانەش سینەمای کوردی کە بە سینەمای هەنوکەیی دادەنرێت سەرەڕای نەبوونی



پیشەسازیی سینەمای، بەهۆی بەشداری وەفدە سینەماییە کوردییەکان بە بەردەوامی، ئێستا مەغریبییەکان زانیاریی زۆریان لەسەر ئەم کەلتووری سینەماییە هەیە و شانشینی مەغریب لە چەندین فیستڤاڵی جیهانی ڕێزی لە سینەمای کوردی ناوە و چەندین سینەماکاری کوردی لە باوەش گرتووە و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردوون.

*** تۆ پێوەندییەکی باشت لەگەڵ مەغریبییەکان هەیە، چۆن سوودت لەم پێوەندییە وەرگرتووە بۆ خزمەتکردنی سینەما و سینەماکارانی کورد؟**

- زۆر بە باشی هەوڵمداوە پێوەندییە هونەری و مرۆڤایەتییەکان بەهێزتر بکەم و متمانە دروست بکەم لە نێوان خۆم و سینەماکارە مەغریبییەکان و سەرۆك و بەڕێوەبەری چالاکی و فیستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییەکان و سەنتەری سینەمای مەغریب و ببمە پردێك بۆ هەماهەنگی و گۆڕینەوەی بیرۆکە و بەشداری کردن لە سەرخستنی هەر چالاکییەك یان فیستیڤاڵێکی جیهانی کە بەشداریی تێدا دەکەین، بێگومان کاتێك دەگەڕێمەوە بۆ فیستیڤاڵە سینەماییە نێودەوڵەتییەکانی مەغریب بەرپرسیاریەتییەکی گەورە لەسەرشانمە بۆ نوێنەرایەتی کردنی سینەمای کوردی و پێویستە لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدا بم لەم کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانیانە، سینەمای کوردی ناوبانگێکی باشی لە مەغریب هەیە، منیش هەوڵمداوە بەردەوام سینەماکارە مەغریبییەکان و فیلمەکانیان بانگهێشت بکەم بۆ مەغریب و ئەمەم بە ئەرکی سەر شانی خۆم زانیوە بۆ خزمەتکردنی سینەمای کوردی.

***سینەمای مەغریبی بە جورئەت ناسراوە لەسەر ئاستی جیهانی و عەرەبی ترسی ئەوەتان نییە ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر سینەمای کوردی هەبێت، چونکە ئێمە لەم بوارەدا لە هەنگاوە سەرەتاییەکانین بە بەراورد بە مەغریب؟**

- حەز دەکەم لەم بوارەدا چەند ڕاستییەك ڕوون بکەمەوە، بە هۆی شارەزاییم لە سینەمای مەغریب بۆم دەرکەوتووە کە مەغریب لە پێشەنگی ئەو وڵاتانەیە کە هانی ڕواندنی کەلتووری سینەمایی تەندروست دەدەن و هەوڵی نەهێشتنی گەندەڵی و سینەمایی دوور لە ڕەوشت و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەم کارانە دەکەن و سینەما بە ئاوێنەی پێشکەوتن و وشیاری کۆمەڵگا دەزانن، باشترین بەڵگەش سزادانی نەبیل عەیوشی دەرهێنەری فیلمی سینەمایی (الزین لی فیك) بوو، مەغریبییەکان دەیانەوێ سینەمایەکی هاوچەرخ بە زمانێکی واقعی پێشکەش بکەن، بۆیە زۆر ئاسایە و پێویستیشە کورد سوود لە سینەمای مەغریبی وەربگرێت.

**• پێویستە لایەنە پێوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان چی بکەن بۆ ئەوەی پێوەندییەکانیان بەهێزتر بکەن لەگەڵ مەغریب لە بواری سینەمادا؟**

- زۆر شتی هاوبەش هەیە کە گەلی کوردستان بە گەلی مەغریب بە گشتی و ئەمازیغەکان بەتایبەتی دەبەستێتەوە، نزیکبوونەوە لە زۆر بواردا هەیە وەك سروشتی گەلەکە، مێژووی، فۆلکلۆری، هونەری، کەلتووری جلوبەرگ، ڕەسەنایەتی، مەردایەتی، خۆشەویستییان بۆ پێکەوەژیان و پاراستنی دابونەریت و کەلتوور، بۆیە لێك نزیکبوونەوە بە باش دەزانم بۆ سوود وەرگرتن لە ئاڵوگۆڕی کەلتووری و هونەری و مرۆڤایەتی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی مەغریب، بۆیە بە پێویستی دەزانم وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سینەما، هەستن بە ڕێزلێنان لە سینەمای مەغریب لەسەر خاکی کوردستان و پێشوازی کردن لە سینەماکار و هونەرمەندان و میدیاکارانی مەغریبی لەو فیستیڤاڵ و چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەری و سینەماییانەی لە هەرێمی کوردستان ساز دەکرێن و ڕێککەوتنێکی هاوبەشی و هەماهەنگی لەگەڵ شانشینی مەغریبی ئیمزا بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی کە لە بواری سینەما و هونەر لە مەغریبدا هاتۆتە ئاراوە و ئەو پسپۆڕی و شارەزاییە زۆرەی کە سینەماکار و هونەرمەندە مەغریبییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەدەستیان هێناوە لە ئەنجامی کارکردنیان لەگەڵ سینەماکارە ناودارەکانی جیهان.



# هاوسەری سوڵتان وازی هێنا

خانمە ئەکتەری تورکی بیرجوزار کۆریل لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری کاری کلیری تورکی رایگەیاند:
کاتی ئەوە هاتووە بحەسێتەوە و ماوەیەك لە هونەر و نواندن دوورکەوێتەوە، چونکە بە سێ ساڵی تۆمار کردن و وێنەگرتنی زنجیرەی (قبچای) زۆر ماندوو بووە.
بیرجوزار کە هاوسەری ئەکتەر خالد ئەجەنشە لەم بارەیەوە بە گۆڤاری ناوبراوی راگەیاند کە بڕیاریداوە بۆ ماوەی یەك ساڵ لە نواندن دووربکەوێتەوە و بەشداریی لە هیچ کارێکدا نەکات و هەموو کاتی خۆی بۆ عەلیی کوڕی تەرخان بکات، بۆ ئەوەی ببێت بە نموونەی دایکێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە پشوویەکی درێژخایەن هەیە.
بیرجوزار زیاتر وتی: «ئێستا کە تەمەنم لە سەرووی سی ساڵییە هەست دەکەم لە جارن جوانترم و زۆریش دڵخۆشم بە ژیانی هاوسەرێتیم لەگەڵ خالد، چونکە ژیانی منی زۆر ئاسان کردووە و هەموو پێداویستییەکانی ژیان و سەقامگیریی خێزانی بۆ فەراهەم کردووم.»
پێشتر چەند کەسێك بیرجوزاریان بینی بوو کە زیاتر لە جارێك سەردانی شوێنێکی فرۆشتن و ئامادە کردنی شیرینەمەنییەکانی کردبوو، دواتر دەرکەوت کە ئەم شوێنەی بە کرێ گرتووە و هەوڵ دەدات چەند گۆڕانکارییەکی تێدا بکات، ئەمەش وەك ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە رەنگە بە نیاز بێت، دوای وازهێنانی لە کاری نواندن خەریکی ئەم کارە بێت.
شایەنی وتنە بیرجوزار لە بنەماڵەیەکی هونەریی ناوداریی تورکیایە دایکی هولیا دارکان ئەکتەرێکی ناسراوی شەستەکانی سەدەی رابردوو بوو لە تورکیا باوکیشی تانجو کۆریل ئەکتەر و دەرهێنەر بووە.



نادین لەبکی یەکێکە لەو ئەکتەر و دەرهێنەرانەی کە زۆر بە جورئەتەوە باس لە کێشە و گرفتەکانی ئافرەتانی رۆژهەڵات دەکات و کێشەکانیان وەکو خۆی دەخاتەڕوو، زۆر جاریش لەبەر هەڵوێستەکانی دووچاری رەخنەی توند بۆتەوە، لە هەمان کاتدا لە ناوەندە سینەماییە جیهانییەکاندا خەڵاتی رێزلێنانی گەورەی پێ بەخشراوە و لە بۆنە و یادەکاندا فیلمەکانی بە نموونە دەهێنرێنەوە.
لە بارەی ئەو توند تیژییەی لە رۆژهەڵات بەرامبەر بە ئافرەتان پیادە دەکرێ و بێدەنگیی ئافرەتان، نادین دەڵێ: «ناتوانین بەرپرسیاریەتیی ئەو توندوتیژییە بخەینە ئەستۆی ئافرەت، چونکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی ئافرەت ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە، لە رۆژهەڵات ئافرەت ناتوانێت منداڵەکانی لە ماڵدا جێبهێڵێت ئەمەش نموونەی قوربانیدانە و هەر لە منداڵییەوە کچ فێرە بیرۆکەی قوربانیدان دەبێت واتە ئافرەت هەیە لەپێناو ئەوانی تر وەك کوڕ و هاوسەر و برا و باوك، بۆیە من دەڵێم پێویستە ئافرەت سەربەخۆیی دارایی هەبێت، سەربەخۆیی لە خەون دیتن بە پرۆژە تایبەتەکانی خۆی لە ژیان بۆ ئەوەی پیاو هەست نەکات کە ئافرەت بەبێ یارمەتی ئەو ناتوانێت بژێت.»
دەربارەی ئەو کچانەی لە تەمەنێکی زوودا بە شوو دەدرێن و ئەمەش بابەتی یەکێك لە فیلمەکانیەتی نادین دەڵێ: «بەداخەوە تا ئێستاش کچ لە تەمەنێکی زوودا بە شوو دەدرێن و نازانن بۆچی؟ ئەمەش لە رووی یاساییەوە قەدەغەیە، ئەمە تاوانێکی گەورەیە بەرامبەر بە مرۆڤ ئەنجام دەدرێ و نازانم بۆچی تا ئێستا حکومەتەکان خۆیان بێدەنگ کردووە لە ئاستی، ئەمە یەکێك لەو بابەتانەیە کە لە ناخەوە دەمهەژێنێ.»



# بەهۆمی بە پێچەوانەی خەڵک کێشی خۆی زیاد دەکات

دابەزاندنی کێشی لەش یەکێکە لەو کارانەی کە ئەکتەرەکان بەتایبەتی ئافرەتان پێوەی دەناڵێنن و کاتێکی زۆری خۆیان بۆ تەرخان دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە گەشتیش بن، هەوڵ دەدەن وەرزشی خۆیان ئەنجام بدەن و زۆر جار هەندێکیان مامۆستای تایبەتیان هەیە و وانەی تایبەتی وەرزشیش وەردەگرن تەنیا بۆ ئەوەی کێشیان دابەزێت. بەڵام خانمە ئەکتەری بۆلیۆد «بەهۆمی بیدنیکار» بە پێچەوانەی زۆر لە ئەکتەران لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی کێشی زیاد بکات و لە ماوەیەکی کورتدا توانیی ١٥ کیلۆ گرام لە کێشی خۆی زیاد بکات لە پێناو بینینی ڕۆڵی ئافرەتێکی قەڵەو لە فیلمی (Dum Laga Ke Haisha)، لە بارەی ئەم هەنگاوەی بەهۆمی وتی: هەرچەندە کارەکە زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، بەتایبەتی کە توانیم ڕۆڵی خۆم زۆر بە باشی لە فیلمەکەدا ببینم و بوومەتە مایەی ڕەزامەندی دەرهێنەر و ستافی فیلمەکە.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی شارات کاتاریایە و جگە لە بەهۆمی چەندین ئەستێرەی دیکەی بۆلیۆد بەشداریی تێدا دەکەن لەوانە سانجای میشیرا و کۆمار سانۆ و سیما باهفا و ئالکامین، ماوەی فیلمەکە ١١٠ خولەکە و باس لە ڕێوشوێنەکانی ئاهەنگی هاوسەرگیریی نێوان پیاوێکی لاواز و کچێکی قەڵەو دەکات کە بە دەست قەڵەوییەکەیەوە دەناڵێنێت.



## نادین لەبکی:

# نازانم بۆچی بەرپرسیاریەتی زیاتر بەر ئافرەت دەکەوێ

## عەدنان عوسمان:

# بۆ (مەملەکەتی مێرووڵەکان) ئۆتۆمبیلی خۆم فرۆشتووە، ستافەکەش خۆبەخش کاریان کردووە





دوای چەندین ساڵ بێدەنگی و بێبەرهەمی، ئێستا دەرهێنەری سینەمایی شاری هەولێر عەدنان عوسمان سەرقاڵی فیلمێکی نوێیە کە کارەساتی رفاندنی کچانی کورد لەلایەن تیرۆریستانی داعش و دەرهاویشتە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی ئەم کارەساتە دەخاتەڕوو، فیلمەکە باس لە رزگارکردنی کچێکی کورد دەکات کە داعش رفاندبووی، مەینەتییەکانی ئەم کچە لە دوای رزگارکردنی بەرجەستە دەکات، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی باوکسالاری رۆژهەڵاتی وەك کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم ئافرەتە کە جارێکی تر چۆن بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێبکاتەوە، دەربارەی ئەم و چەند باسێکی دیکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ عەدنان عوسمانی دەرهێنەر ئەنجامدا کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



**• ماوەیەك كار و چالاكیت نەبوو، ئەگەر هەشبێت بە بێدەنگی بووە، هۆكارەكەی چییە؟**

- من زۆر جار بە بێدەنگی كار دەكەم. بە بێدەنگی هاوار دەكەم. زۆر لەگەڵ خودی خۆم ئیشم ماوە، برادەرێكی سەیرین، یەكترمان خۆش دەوێ و خۆش ناوێ، رەنگمان جیاوازە و زۆر سیفاتمان لەیەک دەچێت، نوكتەی سەیر بۆ یەكتری دەڵێین، خەون بە یەكترەوە دەبینین، بەڵام زۆربەی جارەكان بە یەكەوە نابینە دەرەوە. ئەو منم، منیش منم، من هەروام، كەم قسە دەكەم. دەخوێنمەوە. فیلم دەبینم، لەناكاو كار دەكەم تا زۆر هیلاک دەبم، رەنگە ئەو ماوەیەش وا بووبێ.

**• بیرۆكەی (مەملەكەتی مێرووڵەكان) چۆن درووست بوو؟**

- كارەساتی رفاندنی كچانی كوردی ئێزیدی لەلایەن داعش، هەژاندمی. زۆر گریام، باوەڕ ناكەی چەند گریام.هەستمكرد دەبێت كارێک بكەم و ئەو كارەساتە جەرگبڕە بە زۆر كونجی دنیا بناسێنم. هەندێک جار حەزم دەكرد چەک هەڵگرم و ببمە پێشمەرگە و ئەو كچانە رزگار بكەم، دوایی زانیم من رامبۆ نیم، بەڵام بە فیلم دەتوانم گوزارشت لەو هەستەی خۆم بكەم. هەر واشم كرد، بەڵام هەمیشە وەک فیلمەكانی پێشووم تا فیلمەكەم لە خەون نەبینم، ناتوانم كار بكەم، ئەم فیلمەم (مەملەكەتی مێرووڵەكان) چەندین جارم بە مۆنتاژكراوی لەخەون بینیوە.

**• مەبەست لەو كچەی كە لە فیلمەكەدا دەرفێندرێ، كچێكی كوردی ئێزیدییە؟**

- من جیاوازتر بیر دەكەمەوە، ئەو كچانە ئێزیدی بن، یان نا، ئەوە كارەساتێكی گەورەی مرۆییە و لەوانەیە ئەو چیرۆكەی كە من لە فیلمكەم دەیگێڕمەوە، هەر رووی نەدابێ، یان سوودم لە رووداوەكان وەرگرتبێ، من لە فیلمەكانم سوود لە رووداوەكان وەردەگرم و كۆپییان ناكەم.

**• دوای رووداوی دڵتەزێنی رفاندنی كچ و ئافرەتانی كوردی ئێزیدی لە لایەن داعشەوە، میری ئێزیدیان كچەكانی بە (مرۆڤە پاكەكان) وەسف كرد و فەرمانی دەركرد كە پێویستە بە هەموو شێوەیەك رێزیان لێ بگیرێت، ئایا لە (مەملەكەتی مێرووڵەكان) ئاماژەتان بەمە داوە؟**

- بە بێ ئەوەی ئاگام لەو پەیامەی جەنابی میر بێت، من بە پاک و بێگەرد و بێگوناه و سڤیل وەسفی ئەو كچانە دەكەم، كە خوشک و دایكی منن و هەموویانم زۆر خۆش دەوێن، رۆحم لەلایانە، هەست بە ئازاریان دەكەم، من هیچم بۆ ئەوان نەكردووە، بەڵام ئەوان قوربانییەكی گەورەیان بۆ ئێمە داوە، بۆیە خۆم بە قەرزداریان دەزانم، خەون بە ئازادیی ئەوان و هەموو دیلێک دەبینم.

**• لە رووی داراییەوە كێ هاوكاری كردوون؟**

- فیلمی سینەمایی مەملەكەتی مێرووڵەكان هیچ جۆرە بودجە و سپۆنسەرێكی نەبوو، تەواوی ستافەكە هاوكار و هاوخەم بوون، چەند هاوڕێیەكی دڵسۆزیش یارمەتییان داین، لە سەرووی ئەمانە خوای گەورە پەنا و پشتیوانمان بوو، لە قۆناغی وێنەگرتن دانیشتووانی گوندی عەلیاوەی دێگەڵە و موختارە بەرێزەكەی بۆ ئێمە حكومەت و پاڵپشت و پرۆدیوسەر بوون.

منیش ئەوەی لە توانای شەخسی خۆم هەبوو كردم و ئۆتۆمبیلەكەم بۆ ئەم فیلمە فرۆشت، بەڵام ویژدانمان ئاسوودەیە لەم بارودۆخە ناهەمواری كوردستان توانیمان ئەركێكی نیشتمانی و مێژوویی و ئەخلاقی بەجێ بگەیەنین، بەهۆی ئەم فیلمەوە كارەساتەكانی گەلەكەمان بە دنیا بناسێنین، ئێستاكەش دەرگامان واڵایە بۆ ئەو كۆمپانیا و لایەن و دەزگایانەی كە دەیانەوێت سپۆنسەری ئەم فیلمە بكەن، تا بتوانین پانتایی پەیامە مرۆڤایەتییەكەمان فراوانتر بكەین.

**• چەند ئەكتەر بەشدارییان كردووە و بەشداریكردنیان چۆن بوو؟**

نزیكەی سی ئەكتەری كوڕ و كچ بەشدارن هەر هەموو ستافەكە بە روحێكی هونەری زۆر بەرز كاریان كرد و ئەو پەڕی دڵسۆزییان نواند، هەر هەموویان خۆبەخش بوون، هیچ كەسێک هیچ پاداشت، یان كرێی كارەكەی وەرنەگرتووە.

**• فیلمەكە كەی و لە كوێ نمایش دەكرێت؟**

- هیوادارم بتوانم تا مانگی ئۆكتۆبەری ئەمساڵ هەموو كاروبارەكانی مەملەكەتی مێرووڵەكان تەواو بكەم، كاری زۆر ماوە، لەم قۆناغەشدا پێویستی بە پارە هەیە، فیلمەكەشمان، چونكە بودجەی نییە، بۆیە دەبێت بە هێواشی كارەكان ئەنجام بدەین، كەسە دڵسۆز و خۆبەخشەكان بە فانۆس ببینینەوە، زۆر بە وردی بەدوایاندا بگەڕێین. دواتر لە ساڵۆنی سینەماكانی كوردستان نمایش دەكرێت و پاشان چەند نمایشێكی تایبەتی بۆ دەكرێت، هاوكات بۆ فیستڤاڵە نێودەوڵەتییەكانیش رەوانە دەكرێت.

